ژمارە (338) سێشەممە 2015/2/10 21ی ڕێبەندانی 2714 (500) دینار
ڕۆژنامەیەکی وەرزشی هەفتانەیە کۆمپانیای ڕووداو بەسپۆنسەری کۆمپانیای کورەک تیلیکۆم دەریدەکات
WWW.RUDAW.NET

# ڕوداو وەرزشی



شێرکۆ لەبەرئەوە چووەتە خولی سویسری..

## ڕۆناڵدۆی کورد دەبێتە یاریزانی یانەی چێڵسی

محەممەد کارێزی
لە RUDAW.TVیەوە

ئەو یاریزانە کوردەی بە کریستیانۆ ڕۆناڵدۆی کورد ناسراوە، گرێبەست لەگەڵ یانەی گراسۆپەری سویسری مۆردەکات و دەڵێت «بۆ ئەوە چوومەتە ئەو یانەیە تاوەکو لەوێوە بچمە ریزەکانی یانەی چێڵسی ئینگلیزی».

شێرکۆ کەریم، یاریزانی کوردی پێشووی یانەی شورتەی عێراقی، کە لەلایەن فیفا بە ڕۆناڵدۆی عێراقی ناونراوەو هێمای SK7ی پێدراوە، لە لێدوانێکدا بۆ تەلەڤزیۆنی ڕووداو، ڕایگەیاند بەنیاز بوو لەگەڵ یانەی مارسیلیای فەرەنسی گرێبەست بکات، بەڵام وەکخۆی گوتی «بەهۆی ئەوەی یانەی شورتە درەنگ دەستبەرداربوونەکەمی نارد، لەگەڵ مارسیلیا نەگەیشتمە ڕێککەوتن و چوومە خولی سویسراو بۆ ماوەی 3 ساڵ و نیو گرێبەستێکم لەگەڵ یانەی گراسپۆری سویسری مۆرکردووە، کە یەکێکە لە یانە پێشەنگەکانی خولی ئەو وڵاتە». شێرکۆ کەریم، تەمەن 19 ساڵ، کە خەڵکی کەرکووکە، بۆ تەلەڤزیۆنی ڕووداو ئاشکرایکرد کە ئاستی ئاواتەکانی بێ سنوورەو تەنیا لە خولی سویسری لەنگەر ناگرێت و دەیەوێ ببێتە ئەستێرەیەکی گەورەو بۆ گەورە یانەکانی ئەورووپا یاریبکات و گوتی «یانەی چێڵسی قسەی لەگەڵ بەڕێوەبەری کارەکانمی کردووەو دەیەوێ بمباتە ریزەکانی خۆی، بەڵام ئەو نایەوێ یاریزانێک لە خولی عێراقی ببات، دەیەوێ لە خولێکی ئەورووپی یاری بکەم، ئەگەر بۆ چەند مانگێکیش بێت، ئینجا بمباتە ریزەکانی خۆی، منیش لەبەرئەوە چوومەتە خولی سویسرا».

"یونس مەحموود و نەشئەت ئەکرەم یاری بۆ هەولێر دەکەن"

# داعش ناتوانێت دەرگای یانەی هەولێر دابخات

3»



LOTTO

ڕۆژی دووشەممە 2015/2/16 لە RUDAW.TV تیروپشکی سیوحەوتەمین لۆتۆی (ڕووداوی وەرزشی) ئەنجام دەدرێت

8

## هەموو ناوبژیوان و یاریزانان لە زلاتان ئیبراهیمۆڤیچ دەترسێن

3»

رووداو وەرزشی
ژمارە (338) سێشەممە 2015/2/10

## گەشبینن



ڕێبین ڕەمزی بەرپرسی ڕاگەیاندنی یانەی وەرزشیی هەولێر لە لێدوانێکدا بۆ (رووداوی وەرزشی) گەشبینی خۆی بەوە نیشاندا کە یەکێتی تۆپی پێی ئاسیا و فیفا ئابلۆقەی وەرزشیی لەسەر یاریگەی یانەی هەولێر هەڵبگرن و یانەی پایتەخت بتوانێت یارییەکانی خۆی لە جامی یانەکانی ئاسیا لەسەر یاریگەی خۆی ئەنجامبدات و گوتی «بڕیارە ئەمڕۆ 2015/2/10 شاندێکی یەکێتی تۆپی پێی ئاسیا و فیفا بۆ ئەو پرسە سەردانی هەولێر بکەن و ڕاپۆرتێک بەرزبکەنەوە بۆ ئەوەی دواتر بڕیار لەسەر ئەوە بدەن کە بارودۆخی هەولێر گونجاوە بۆ ئەوەی یانەی هەولێر یارییەکانی خۆی لەسەر یاریگەی خۆی ئەنجامبدات و ڕاستیدا ئێمە گەشبینین کە بڕیارێک لە بەرژەوەندی یانەکەمان دەدەن».



ئەرسەلان عەبدوڵڵا

# نەخێر بۆ هەڵبژاردەی کوردستان!

هەندێک وا ڕاهاتوون هیچ شتێکی ئەو وڵاتەیان بەدڵ نەبێت، هەموو شتێک، بە تایبەتی تۆپی پێ و وەرزشی کوردستان زەڕبی سفر بکەن، بەبێ ئەوەی ئەلتەرناتیف و بیرۆکە و پێشنیازێکیان هەبێت، کە سوودی دوو فلسی سووتاوی هەبێت و ماقووڵ بێت، ئاخر دەبێت بیرۆکەو پێشنیازەکان لە ئاستی تواناو دەسەڵاتی کورددا بێت، وەک دەڵێن «بەقەد بەڕەت پێت ڕاکێشە»بێت.

هەڵبژاردەی تۆپی پێی کوردستان لە باشووری کوردستان دروستبووە، هێشتا ئەو هەڵە نەڕەخساوە هەڵبژاردەیەک بێت نوێنەرایەتیی هەر چوار پارچەی کوردستان بکات، بەڵام بە بڕوای من، کەم تا زۆر توانیویەتی نەسیمێکی فێنک بێت بۆ دڵی ئەو کوردانەی خەون بە دەوڵەتی سەربەخۆو ڕزگاریی تەواو دەبینن، بەڵام هەرجارێک کە ئەو هەڵبژاردەیە دێتەوە مەیدان، کە زیاتر لە بۆنەو پاڵەوانیەتییەکاندا کۆدەبێتەوە، (پێموایە کارێکی هەڵەیە تەنیا لە بۆنەکاندا کۆببێتەوە)، چەند دەنگێکی نەشاز دێتە بەرگوێمان و تانەوتەشەر لەو هەڵبژاردەیە دەدەن و (نەخێر) بۆ هەموو شتێکی هەڵبژاردەکە دەکەن.

هەڵبژاردەی کوردستان لە دوای 2008ەوە زیاتر هاتە مەیدان و بەشداری لە چەند پاڵەوانیەتییەکی هەرێمەکان کرد. جگە لەوەی لە ئاستی لاوان و تازەپێگەیشتووانیشدا هەڵبژاردەکە لە جامی نەرویج چەندجارێک بەشداریکردووە.

بڕیارە ئەمجارەش میوانداری هەڵبژاردەی هەرێمێک قبووڵ بکات، کە هەرێمی ئایڵ ئۆف مەینەو هەڵبژاردەکەش ناوی هەڵبژاردەی ئیلان ڤانینەو دەکەوێتە ئێرلەندا لەنێو جەرگەی بریتانیای گەورەدا، کە داوەتی کوردستانیان کردووە بۆ یارییەکی دۆستانە، ئیدی ئەوە سنووری هەڵبژاردەی هەرێمەکەی ئێمەیە لە ژێر ڕۆشنایی پێکەوەژیان و مانەوەمان لە عێراقی عەرەبیدا.

«ئەگەر خۆمان لە خەت نەدەین» هەموومان دەزانین سنوور و دەسەڵاتی وەرزشی کوردستان چەندەو تا کوێ بڕەدەکات و ئێستا تا کوێ بۆمان هەیە جووڵە بکەین، بەڵام بەهۆی بەشدارییەکانی پێشوو، هەروەها هەوڵەکانی یەکێتیی تۆپی پێی کوردستان و بەرپرسانی دیکەی وەرزشی و سیاسی، هیوای ئەوە دروستبووە هەڵبژاردەی کوردستان ئازادی زیاتر لە زیندانی عێراق بەدەستبهێنێت و زیاتر خۆی بە دنیاو دامەزراوە وەرزشییە فەرمییەکانی دنیا بناسێنێت، بۆ ئەوەی لە ڕۆژگارێکی نزیکدا وەک هەرێمێکی سەربەخۆ هەندێک مافی وەرزشی بەدەستبهێنێت، کەچی هەندێک دەنگی نەشاز، کە هەیانە لە جەرگەی ئەورووپادا دەژی و ساڵانێکە سەروکەللەی ڕۆژنامەوانی و وەرزش دەشکێنن، دێن گاڵتە بەو هەڵبژاردەیە دەکەن و ئەنجامدانی یاری دۆستانە لە بریتانیای گەورە بە کارێکی بێ سوود و پارە بەهەدەردان دەزانن، کە هێشتاش ئەنجامدانی گەشت و یارییەکەش بەهۆی قەیرانی داراییەوە مسۆگەر نییە، بەڵام ئەوەی ناخۆشە، ئەو کەسانە زانیاری تەواویشیان لەسەر ئەو یارییە نییەو تەنانەت برادەرێک نووسیبووی «هەڵبژاردەی کوردستان لە دوای ئێرلەندا دەچێتە ئێران و لەگەڵ ئیلام یاریدەکات، فەقیرەی لێی تێکچبوو، کە ئیلان ڤانین شاری ئیلامی ئێران نییە».

کورد لە عێراقدا لەگەڵ زۆرینەی عەقڵیەتی شۆڤینی و ڕەگەزپەرستانەدا دەژیت، کە هێشتا بوون و ناسنامەی تۆیان قبووڵ نییە، ئەو فیدراڵییەی سەر کاخەزیشیان قبووڵ نییە، کەچی هەندێک کەس پێیانوایە دەبوو ئێستا تۆپی پێی کوردستان ئەندامی فیفا بووایەو وەک وێلز، سکۆتلەندا، فەلەستین و سان مارینۆ و بەشداری مۆندیالەکانی بکردایە، بەبێ ئەوەی بزانن (یان دەزانن و خۆیان نەبان دەکەن) کە هێشتا هیچ وڵاتێکی دنیا تۆی وەک هەرێمێکی سەربەخۆ قبووڵ نییەو هێشتا هیچ وەرزشوانێکی کورد بە ناوی کوردستان و ئاڵای کوردستانەوە نەیتوانیوە بەشداری هیچ چالاکییەکی یەکێتییە وەرزشییە فەرمییەکانی سەر بە لیژنەی ئۆڵۆمپیی نێودەوڵەتی بکات.

پێموایە ئەوانەی ڕەخنەی بێئاگایانە دەگرن، مەبەستیان تەنیا خۆهەڵکێشان و ناشیرینکردنی وەرزشی کوردستانەو لەوێشەوە دەیانەوێ تیری خۆیان لەو کەس و دەزگە وەرزشییانەی کوردستان بدەن، کە بەهۆی تایبەتەوە ڕقیان لێیانە.

پێموایە گەشتی تیپی کوردستان بۆ ئێرلەندا هەنگاوێکی گرنگە و پێویستە ئاسانکاری بۆ ئەنجامدانی بکرێت، چونکە بە کورتی لەم قۆناخەدا، هەرێمە هاوشێوەکانی خۆمان، بە تایبەتی ئەوانەی لە جەرگەی ئەورووپادان، تاکە دەرگەی ئومێدی تۆپی پێی کوردستانن بۆ گەیشتن بە ئامانجی گەورەتر، کە گرنگترینیان بوونە ئەندامە لە فیفا، ڕێگەی هەزار میلیش بە یەک هەنگاو دەستپێدەکات، ئەی وانییە ئەزیزم!



(فۆتۆ: فەرزین حەسەن)

# داعش ناتوانێت بەر لە یانەی هەولێر بگرێت

## جێگری سەرۆکی یانەی هەولێر: بارودۆخی یانەی هەولێر پەیوەستە بە بارودۆخی کوردستان

**کارزان کانەبی**
**رووداوی وەرزشی ـ هەولێر**

جێگری سەرۆکی یانەی وەرزشیی هەولێر، بە (رووداوی وەرزشی) ڕاگەیاند «بارودۆخی یانەی هەولێر پەیوەستە بە بارودۆخی کوردستان، بۆیە ئەگەری ئەوە هەیە بتوانین ئەنجامی باش لە خولی نایابی عێراق و جامی یانەکانی ئاسیا بەدەستبهێنین».

یانەی هەولێر لەم وەرزەی خولی نایابی یانەکانی عێراقی ئاستی وەک پێویست نەبووەو لە کۆی 9 یاری لە قۆناخی یەکەمی خولەکە تەنیا 11 خاڵی کۆکردووەتەوەو لە ڕیزبەندی یانەکاندا خاوەنی پلەی حەفتەمە، کە ئەم ئەنجامە بە بەراورد لەگەڵ ساڵانی پێشوو زۆر خراپەو ئاماژەیە بۆ ئەوەی ئاستی یانەکە زۆر دابەزیوە، ئەمەش بووەتە مایەی دڵگرانی هاندەرانی یانەکە، لەبەرئەوە بەرپرسانی یانەکە لە هەوڵی ئەوەدان دۆخی یانەکەیان باشتر بکەن.

### بارودۆخی یانەکە چی بەسەردێت؟

مەحموود عەزیز، جێگری سەرۆکی یانەی وەرزشیی هەولێر بە (رووداوی وەرزشی) گوت «ئەگەر بارودۆخی کوردستان باش بێت، بێگومان بارودۆخی یانەی هەولێریش باش دەبێت، چونکە ئێمە نابێ خۆمان لەم بارودۆخە بە دووربگرین، پەنا بەخوا ئەگەر ئەم بارەی ئێستا باش بێت ئێمەش باش دەبین». هەروەها گوتیشی «شەڕی داعش کاریگەری خۆی لەسەر یانەی هەولێر هەبووە بارێکی دارایی خراپ لەسەر ئێمە دروست بووە، جگە لەوەش بەپێی ئەو توانایانەی هەمانە توانیومانە بەردەوام بین، ئێمە نابێت بڵێین شەڕی داعشە و دەرگای یانەکە دابخەین و بەردەوام دەبین».

### ئەستێرەکان ڕۆیشتوون

مەحموود عەزیز، لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا بۆ (رووداوی وەرزشی) گوتی «هەرچەندە ژمارەیەک لە یاریزانانی یانەکەمان ڕیزەکانی تیپەکەیان جێهێشتووە، وەک جەلال حەسەنی گۆڵچی و ئەمجەد ڕازی کاپتن و یاریزانە پیشەگەرە ئیسپانییەکان، کە بێگومان ئەوە کاریگەری دەبێت لەسەرمان، لەگەڵ ئەوەشدا ناتوانین ئێستا هیچ یاریزانێکی نوێش بهێنینە ڕیزی یانەکەمان، بەڵام ئێمە لە تێکۆشان بەردەوام دەبین».

### لە جامی ئاسیا چی بەسەردێت؟

جێگری سەرۆکی یانەی وەرزشیی هەولێر، ناتوانێت پێشبینی ئاست و ئەنجامەکانی یانەکەیان لە جامی یەکێتی ئاسیادا بکات «ئێمە ئێستا ناتوانین پێشبینی بکەین بۆ ئەنجامی یانەکەمان لە جامی ئاسیا، چونکە نازانین ئەو تیپانەی بەرامبەرمان ئاستیان چۆنە، ئەگەر توانیمان بۆ قۆناخی دووەمی جامی ئاسیا سەربکەوین، گۆڕانکاری دەکەین لە ڕیزی یاریزانانی تیپەکەمان، بە تایبەتیش کە لەوانەیە ئەوکات لایەک بە لایەک ببێت و بودجەی کوردستانیش بگەڕێتەوە، کە بێگومان ئەوکات بارودۆخی ئێمەش باش دەبێت و دەتوانین یاریزانی بەتوانا بکڕین».

### یونس و نەشئەت بەڕێوەن

لە لێدوانێکی تایبەتدا، بێجان ئیبراهیمی ئەندامی دەستەی کارگێڕی یانەی هەولێر ئەوەی بۆ (رووداوی وەرزشی) ئاشکراکرد، کە یانەی هەولێر لە هەوڵی ئەوەدایە بۆ یارییەکانی جامی یانەکانی ئاسیا سوود لە تواناکانی هەردوو یاریزانی نێودەوڵەتی عێراقی، یونس مەحموودی کاپتنی هەڵبژاردەی عێراق و نەشئەت ئەکرەمی ئەستێرەی یانەی شورتە وەربگرێت و گوتی «سەبارەت بە یونس مەحموود یاریکردنی بۆ یانەی هەولێر مسۆگەر بووەو نەشئەتیش ڕازی بووە، بەڵام هێشتا بە فەرمی ڕێککەوتنەکە نەکراوە».

### 7 مانگە ئەیوب بە تەنیایە

ماوەیەکی زۆرە یانەی هەولێر بێ یاریدەدەری ڕاهێنەر و بێ ڕاهێنەری جەستەییەو لەم ماوەیەدا ئەیوب ئۆدیشۆی ڕاهێنەر هەموو کارەکانی بەتەنیا بەڕێوەبردەوە، کە بێگومان ئەوەش کاریگەری لەسەر ئاستی یانەی هەولێر هەبووە، لەم بارەوە مەحموود عەزیز گوتی «بێگومان ئەو حاڵەتە کاریگەری زۆری هەبووە لەسەر ئاستی یانەی هەولێر لە ڕووی هونەرییەوە، چونکە ڕاهێنەر بەتەنیا هەموو کارەکان لە یەککاتدا ئەنجام دەدات، ئێمەش قسەمان لەگەڵی کردووەو سەرۆکی یانەش بە تەنیا قسەی لەگەڵی کردووە. ئەیوب بە سەرۆکی یانەی گوتووە کە لە ڕۆژانی داهاتوودا کەسێک بۆ یاریدەدەری خۆی دیاری دەکات».

### 500 ملیۆنەکە کاریگەری دەبێت

حکومەتی ناوەندی لە ڕێگەی وەزیری وەرزش و لاوان و وەزیرە کوردەکان توانیان بڕی 500 ملیۆن دینار بۆ یانەکە لە ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق دابین بکەن. مەحموود عەزیز لە بارەی ئەو بڕە پارەیە، گوتی «ئێمە سوپاسی وەزیری وەرزش و لاوان و دکتۆر ڕۆژ نووری شاوێس دەکەین، ئەگەر ئەم شاندەی یەکێتی تۆپی پێی فیفا و ئاسیا سەردانی کوردستان دەکەن ئەو گەمارۆوە لەسەر یاریگەی ئێمە هەڵنەگرن ئەو بڕە پارەیە بەشی هاتووچۆی یاریزانان ناکات بۆ 6 یارییەکەی قۆناخی یەکەم، چونکە 3 یاریمان لە دەرەوەیە، لە قەتەر و خەرجی تیپەکانی میوان لەسەر ئێمە دەبێت».

### 5 ملیار دینار قەرزارە

لە بارەی ئەو گرێبەستانەی یاریزانانیش جێگری سەرۆکی یانەی وەرزشیی هەولێر، گوتی» گرێبەستی هیچ یاریزانێکمان نەداوە تەنیا مووچەی مانگانەمان بۆیان دابینکردووە لەو داهاتەی کە هەمانە، پارەی گرێبەستەکانی ساڵی ڕابردوو 70%مان نەداوە، هی ئەمساڵیش هیچمان نەداوە، نزیکەی 4 بۆ 5 ملیار دینار قەرزارین». هەروەها لە بارەی ڕاگرتنی یاریزانەکانیش، گوتی «ئێمە قسەمان لەگەڵیان کردووە، ئەوەی بڕوات ئازادە ڕیزی یانەکەی جێبهێڵێت، ئێمەش پارەی ئەوان دەدەین، بەڵام ئەمە واقیعەکەیە، بێ پارەییەو ئەم بارودۆخە هەموو یانەکانی عێراقی گرتووەتەوە».

### بۆ ئاسیا کەمپی مەشقی نییە

مەحموود عەزیز، سەبارەت بە ئامادەکارییەکانیان بۆ جامی ئاسیا، گوتی «هیچ بەرنامەی ئامادەکاریمان نییە بۆ جامی ئاسیا، چونکە ئەم ماوەیە چەند یارییەکمان هەیە لە خولی عێراق، دواتر دەچینە نێو کێبڕکێیەکانی جامی ئاسیا، کاتی ئەوەمان نییە و پارەش نییە بۆ ئەم بارودۆخە».

## لە بەرزترین ئاستدایە..

# فیکەکەی ڕزگار خولی هۆڵەندی هەژاندووە





**هەرێز جەمال**
**رووداوی وەرزشی ـ هۆڵەندا**

لە زۆر ناوچەی وڵاتانی کیشوەری ئەورووپا لە هەر بستێکی یادەوەری کوردێکی تێدا تۆمارکراوە، لای هەندێکیش مێژوویەک تۆمارکراوە کە تا هەنووکە میدیای کوردی بە ئەستەم دەستی پێگەیشتووە، بەڵام (رووداوی وەرزشی) ئەمجارە نهێنییەکی کوردێکی وڵاتی ئاشەوانەکان ئاشکرا دەکات.

ڕزگار عەبدولکەریم، تەمەن 43 ساڵ، بە ڕەگەز دانیشتووی شاری سلێمانی ماوەی 18 ساڵە لە هۆڵەندا ژیان بەسەردەبات و یەکێکە لە ناوە دیارییەکانی باسکە لەو وڵاتەدا.

ئەو لە گەنجیدا بۆ تیپی باسکەی یانەی سیروان و چوارباخ یاردەکات و کاتێکیش دەچێتە ئەورووپا دەچێتە یانەی (ئەمیکال) وەک یاریزان و دواتر ڕاهێنەرو پاشانیش ناوبژیوان.

ڕزگار بە (رووداوی وەرزشی) گوت «لە دەرەوە هاوکاری هەموو کەسێک دەکرێت، بەڵام دەبێت شایستەی ئەو هاوکارییە بیت بۆ ئەوەی بەرەو پێش بچێت، قۆناخ بە قۆناخ من دەستم کردووە بە داوەری، لە ساڵی 2002 ناوبژیوانیم بە تەواوی دەستپێکرد کە سەرەتا لە ناوچەییەوە بوو دواتر ناشیۆناڵ واتە لە سەرتاسەری هۆڵەندا، بە پێی ئەو ئەزموونەی هەمبوو بە یەکەم هەنگاو 6 هەنگاوم بڕی، هەنگاوی AC-C-B بوو، کە ئێستا من لە ئاستی Bداوەری دەکەم، کە لەسەر ئاستی باڵایە لە هەموو هۆڵەندا».

ئەو گوتیشی «ساڵی ڕابردوو یارییەکانی ئۆلۆمپیادی ئەورووپی بەڕێوەچوو وەک داوەرێکی هۆڵەندی 6 یاریم بەڕێوەبرد، کە گرنگترینیان لە نێوان پۆلۆنیا و ئیتاڵیا، ئیتاڵیا و فەرەنسا، بەلجیکا و فەرەنسا ـ لیتوانیا و ئیستۆنیا، بەڕێوەچوو.

باسکەی هۆڵەندا لە جیهاندا لە ئاستێکی باڵادا نییە یان ناتوانێت ململانێی هەندێک وڵات بکات، بەڵام خولی لیگی وڵاتەکە هەیە کە بە 2 قۆناخ لەسەر ئاستی کوڕان 10 تیپ و کچان 7 تیپ هەیە. ڕزگار شاوری زۆرینەی یارییە بەهێزەکان دەکات، ئەو داوەرە هۆکارەکەی بۆ تەنگەژەی دارایی دەگەڕێنێتەوەو دەڵێت « یانەکانی هۆڵەندا خۆیان خۆیان دەژێنن زۆرینەی ئەو یاریزانانەی یاریدەکەن پارە ئەدەنە یانەکانیان، حکومەت پارە نابەخشێتەوە بەسەر تیپەکان و هەڵبژاردەکان، لە دوو ساڵی ڕابردوو کار گەیشتە ئەوەی تیپی یەکەمی کوڕانی هۆڵەند ڕابگیرێت، بەڵام تەلەڤزیۆنی یەکەمی هۆڵەندا هاتە سەرخت و هاوکاری ئەو هەڵبژاردەیەی کرد، دواتر هەڵبژاردەکە توانی سەربکەوێت بۆ پاڵەوانیەتی ئەورووپا کە کۆتایی ئەمساڵ بەڕێوەدەچێت».

گوتیشی «لەو وڵاتی ئاشەوانەکان زیاتر گرنگی و سەرکەوتنییان بۆ یاری خلیسکانی سەربەفرو تۆپی پێیەو زیاتر کار لەسەر ئەوە کراوە، بەڵام بەم دواییانە فیدراسیۆنی باسکەی هۆڵەندا هەڵمەتێکی گەورەی دەستپێکردووە، بۆ ئەوەی لە ڕێگای 4 ڕاوێژکاری بیانییەوە بتوانێت چەند قوتابخانەیەکی ئەو یارییە لە شارەکانی وڵاتەکە بکاتەوە».

ئەو داوەرە کوردە دەڵێت «لە ڕابردوودا بە هەگبەیەکی باشەوە گەڕامەوە کوردستان هەتاوەکو خزمەت و ئەزموونی چەند ساڵەم بۆ کوردستان پێشکەش بکەم، بەڵام بەرپرسانی ئەو یارییە بێئاگاو بێباک بوون، هەستدەکەم هیچ ئەزموونێکی کارگێڕییان نییە، تەنانەت من دەمتوانی بە چەند قۆناخێک چەندین خول و کەمپ و مەشق بۆ تیپەکان و ڕاهێنەران و داوەران لە هۆڵەندا و نەمسا ئەنجام بدەم و تەنانەت بە پێچەوانەوە چەند کەسێکی ئەوێ بهێنمە کوردستان، بەڵام کەمتەرخەمی بەرپرسان وایکرد هیچ یەکێک لەو کارانە نەڕۆن بەڕێوە.»

ئەوەی بۆ ڕزگار بووەتە ئەزموونێکی گەورە بەدەر لە داوەرییەکەیشی پشکنەری داوەرەکانی ئاست AC دەکات و ئەنجامەکانیشان بۆ فیدراسیۆنی باسکەی هۆڵەندا بەرزدەکاتەوەو بڕیاریشە پاش ئەوەی لە ڕابردوودا دووجار داوەری یاری سەرجەم ستارەکانی پرتەقالییەکانی کردووە لە 2015/2/22ش داوەری یاری ئەمساڵی ستارەکانی باسکەی هۆڵەندا دەکات.

ناوبراو پێشتر لە کوردستان 5 بەشی وەرزشی پەیمانگای مامۆستایانی سلێمانی تەواوکردووەو 5 ساڵ مامۆستای قوتابخانە بووەو خاوەنی بڕوانامەی ڕاهێنەری و داوەری عێراقیش بووەو لە وڵاتی هۆڵەنداش بەشداری دەیان خولی کردووەو خاوەنی بەرزترین بڕوانامەی داوەرییە.

ژمارە (338) سێشەممە 2015/2/10



تەقیبەوە

رۆژنامەی ASی ئیسپانی تەقینەوەی بۆمبێکی دیکەی لەنێو ماڵی مەدریدی ئاشکراکردو رایگەیاند کە دوای یاری دێربی مەدرید، کارلۆ ئەنچیلۆتیی راهێنەری ریال مەدریـد لەگـەڵ فرنانـدۆ هیێرۆی یاریدەدەری کەوتووەتە دەمەقاڵەیەکی توونددەوەو ئەو رۆژنامەیە هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە کە هیێرۆ بەر لە یارییەکە بە ئەنچیلۆتی گوتووە پێویستە ئەسیر ئایارامێندی لەجیاتی سامی خدێرە یاری بکات، بەڵام بە قسەی نەکردووە، بۆیە دوای یارییەکە هیێرۆ بە رووبدا تەقیوەتەوەو بە دەنگی بەرزەوە پێیگوتووە تۆ هۆکاری دۆڕانەکەی، ئەویش لێی قبووڵ نەکردووە».

«بەردەوام جنێو بە ناوبژیوانان دەدات»

# زڵاتان خەڵاتی ئۆسکاری لەخۆباییبوون دەباتەوە

## رۆد ڤانی: ویستم بیکێشم بەدەمیدا، بەڵام نەمویست تیپەکەم تووشی کێشە بکەم



**رووداوی وەرزشی ـ SPORT**

لەم رۆژانەدا لە فەرەنسا هێرشێکی توونـد لەلایەن چەندین کەسـایەتی و دام و دەزگاکانی راگەیاندنەوە کرایە سەر زڵاتان ئیبراهیمۆڤیچی ئەستێرەی سویدی یانەی پاریس سـانجێرمانی فەرەنسی و بە کەسێکی لەخۆبایی و بێ رەوشت وەسفکرا.

هۆبێرت فۆرنێری راهێنەر یانەی لیۆنی فەرەنسی، زۆر بە توندی رەخنەی لە زڵاتان گرت و بە کەسێکی بـێ رەوشـت و لەخۆبایی ناوبـرد و گوتی «زڵاتان ئیبراهیمۆڤیچ بێ رەوشتترین یاریزانە لە ژیانی خۆمدا بینیم بێت، زۆر لەخۆباییەو حساب بۆ کەس ناکات».

هەروەها ئەو راهێنەرە نهێنییەکی سـەیری لە بارەی زڵاتانـەوە ئاشـکراکرد و گوتی «ئەو بەردەوام جنێو بـە ناوبژیوانـان دەدات، بەڵام بەداخـەوە کە کەس نییە سـزای بـدات، لەوانەیە هەندێجـار هۆکارەکەی ئەوەبێـت کـە ناوبژیوانان لەو جنێوانـەی تێناگەن، چونکە ئەو توانای قسـەکردنی بـە زۆر زمان هەیەو بـۆ هەر ناوبژیوانێک بە زمانێک جنێوی پێدەدات کە لێی تێنەگات».

رۆد ڤانیـی یاریزانی یانەی مارسـێلیاش، باسـی شـەڕە قسـەی نێوان خۆی و زڵاتان دەکات، کە بەر لە چەند رۆژێک لە یاری لوتکەی خولی فەرەنسـیدا روویـداو لەو بـارەوە دەڵێت «زڵاتـان ئیبراهیمۆڤیچ کەسـێکی زۆر لەخۆباییە، خۆی پێ لە هەموو کەس گەورەترە، هەقە خەڵاتی ئۆسـکار بۆ لەخۆباییبوونی پێبدرێـت». هەروەهـا دەشـڵێت «هەندێ قسـەی زۆر ناشـیرینی کرد، کە شـەرم دەکەم لێرە باسیان بکەم، سـەرەتا ویسـتم بیکێشـم بەدەمیـدا، بەڵام پاشـگەزبوومەو نەمویست کێشە بۆ یانەکەم دروست بکەم».

پاریسییەکان خۆیان بەدەستەوە داوە..

# هەموو لە زڵاتان دەترسێن

**رووداوی وەرزشی ـ DW**

دەزگاکانی راگەیاندنی فەرەنسا هاوڕان لەسـەر ئـەوەی یاریزانەکانـی پاریـس سـانجێرمان هەموویـان لەژێـر فەرمانـی زڵاتـان ئیبراهیمۆڤیـچ دان و لـە ناوەوە و دەرەوەی یاریگـە ناوێـرن لـە قسـەی دەربچن.

بۆ ئەمەش پشت بە گرتەیەکی ڤیدیۆیی دەبەسـتن، کە بەمدواییە لـە دەزگاکانی راگەیاندن بڵاوکرایەوەو تێیدا دەردەکەوێت کـە ئیبراهیمۆڤیـچ داوا لـە هاوڕێکانـی دەکات قسـە بۆ رۆژنامەنووسـان نەکەن، لە کاتی چوونە دەرەوە لە نێو یاریگە ئاوڕ لە هاوڕێکانی دەداتەوە و دەڵێت «بەدوام کەون، کەس قسە نەکات). راگەیاندکارێک لێـی دەپرسـێت «لەبەرچـی فەرمانیان پێدەکەی قسـە نەکـەن؟». لـە وەڵامدا زڵاتـان دەڵێـت «چونکە من پێشـەوام، مـن سـەرۆکم». ئیبرا لە کاتی رۆیشـتن ئـەو قسـەیە دەکات و گوێ بەکەسـیش نـادات، بۆیـە ئـەو هەڵسـوکەوتە بـووە مایـەی بەرپاکردنـی هەڵمەتێکـی توونـد لـە دژی زڵاتـان، کـە لووتبەرزییەکـەی لەگەڵ هەمووان دەرکـەوت. یاریزانەکانی پاریس سانجێرمانیش لە کاتی رۆیشتنیان لـە دوای زڵاتـان دوای ئـەوەی فەرمانی پێکـردن قسـە بـۆ رۆژنامـەکان نەکەن، بوونە مایـەی گاڵتەپێکردن، وەک ئەوەی شـتەکە پەیوەسـت بێت بـە راهێنەر یان سـەرۆکی یانەکەیـان، بێگومـان ئـەو هەڵسـوکەوتە کاردانـەوەی دیکە بەدوای خۆیـدا دەهێنێـت و دەبێتـە هـۆکاری شـێواندنی وێنـەی زڵاتـان، وەک ئەوەی رۆژنامەیەکی فەرەنسـی لە وەسفکردنیدا دەڵێت «ئیبراهیمۆڤیچ خاوەن ئاسـتێکی بەرز و زمانێکی درێژە».

به پێی لێکۆڵینەوەیەکی زانستی..

# سانچێز سەرکەوتووترین گرێبەستی ئەوروپایە



**رووداوی وەرزشی ـ SPORT**

گواسـتنەوەی یاریزانی چیلی، ئەلیکسیس سانچێز لە یانەی بارسـێلۆنای ئیسپانییەوە بۆ ئارسناڵی ئینگلیزی بە سـەرکەوتووترین دەسـتەوارە لەسەر ئاستی یانەکانی ئەوروپا دادەنرێت، هەروەها گواستنەوەی رۆمیرۆ لۆکاکۆی بەلجیکـی بـۆ یانـەی ئێڤەرتۆنی ئینگلیـزی و جیمیس رۆدریگێـزی کۆلۆمبی بۆ یانەی ریال مەدریدی ئیسـپانی گرانترین دەسـتەوارەن و زۆرترین بەشـداریان هەبووە لە وەرزی ئەمساڵدا.

بە گوێرەی لێکۆڵینەوەیەکی زانسـتی، کە کۆمپانیای پرایم تایم سـپۆرت، بە ناونیشـانی سۆکەرکس ترانسفێر ریڤیۆ 2014 ـ 2015 ئامادەیکردووەو لەسەر 10 گرانترین دەسـتەوارە لە ئەوروپـا ئەنجام دراوەو بـڕی خولەکانی یاریکردن لەبەرچاو گیراوە، دەرکەوتووە کە ئەلیکسـیس سـانچێز لـە 87%ی خولەکـەکان لەگـەڵ ئارسـناڵ لە پریمەرلیگ بەشـداری کـردووە، ئەوەش هەمـان ماوەی ئـەو خولەکانەیە کە لۆکاکـۆ لەگەڵ ئێڤەرتۆن بەشـداری کردووە. بە شـێوەیەکی نزیک لە جیمیـس رۆدریگێز لەگەڵ ریال مەدرید، کە بەشـداری لە 83%ی خولەکـی یارییەکانی ریـال مەدرید لـە لیگا کـردووە. لەو کاتەی هێرشـبەری ئیسـپانی دییگۆ کۆسـتا رێژەی بەشداریکردنی 78%ی خولەکەکانە لە گەڵ یانەی چێڵسی لە پریمەرلیگ.

بەرگریـکاری بەرازیلـی، داڤید لویز لـە یانەی پاریس سـانجێرمانی فەرەنسـی و هێرشـبەری ئۆرگوای، لویس سـوارێز لە یانەی بارسـێلۆنا ناویان لەنێو لیستەکەدایە، رێژەی بەشـداریکردنی سوارێز 51%ی خولەکەکانە، بەڵام بەم دواییە بۆ 88% بەرزبووەتەوە.

لەلایەکی دیکەوە یانەی مانچسـتەر یونایتد یەکێک لە گرانترین دەستەوارە و کەمترین سەرکەوتنی واژووکردووە، ئەویش بەرگریکار لۆک شۆیە، کە تەنیا لە 32%ی خولەکی یارییەکانی تیپەکەی دەرکەوتووە، لە دوای ئەویش ئەندەر هێرێرای ئیسپانی دێت بە بەشداریکردن لە 35%ی خولەکی یاریکردن، پاشان ئەنخێل دیماریای ئەرجەنتینی بە رێژەی 50%ی خولەکی یارییەکان.

«لۆک شۆ و دیماریا خاوەنی نا سەرکەوتووترین گرێبەستی ئەمساڵن»

# «نامەوێ وەک مێسی بم»



**رووداوی وەرزشی ـ TANGO**

ئیزکوێـل لاڤێتـزی، یاریزانـی نێودەوڵەتی ئەرجەنتینـی و هێرشـبەری یانـەی پاریـس سـانجێرمانی فەرەنسـی، ئاماژەی بەوەکرد کە لەوانەیـە بەم نزیکانە واز لە تۆپی پێ بهێنێت، هەروەها باسی لە پێوەندی خۆی لەگەڵ لیونێل مێسی کاپتنی تانگۆ کرد و بە هاوڕێیەکی نزیکی خۆی دانا، بەڵام گوتیشی «نامەوێ وەک مێسی بم».

لاڤێتـزی تەمەن 30 سـاڵ، ئێسـتا کەمێک لـە یاریکردن دابڕاوە لەبەرئـەوەی لۆران بلانی راهێنـەی پاریس سـانجێرمان بە شـێوەیەکی سـەرەکی یـاری پێناکات، ئەمـەش وایکردووە دەنگۆی رۆیشـتنی بۆ یانـەی ئینتەرمیلان یان ناپۆلیتیپی پێشووی زیاتر بێت، کەچی لاڤێتزی دانی بەوەدا نا کە هەسـت بە بێهیوایی دەکات لەو وەرزشە بە گشتی. لەو بارەوە لاڤێتزی گوتی «هەندێجار بیـر لەوە دەکەمەوە بـە یەکجاری لە تۆپی پێ دوورکەومـەوە، نامـەوێ لـە جیهانـی وەرزش بەردەوام بم، باشـترین شـت کە بە تۆپی پێم دەبەسـتێتەوە ئەوەیە، دەتوانم بە باشـی بژیم و شـارەزای کولتـووری تازەبم، خراپترینشـی بەرژەوەندی تایبەتییە».

لاڤێتزی لە وەڵامی پرسـیارێکی پەیوەسـت بە لیونێل مێسـی هاونیشتمانیی خۆی، گوتی «نامەوێ وەک ئەو بم، ژیان ئاسان نابێت کاتێک هەمـوو کەس و هەمـوو کات دانت پێدا دەنێن، پێمخۆشە لەبەر سێبەر بم، کە بە منداڵی یاریم لەگەڵی کرد هەستم بە تواناکانی کرد، پێموانییە کـەس لـە جیهانـدا وەک ئـەو یاریزانێکی بـاش بێت، ئەو یەکێکە لە باشـترین هاوڕێکانم». لاڤێتـزی لە بارەی دەنگۆیەکانی رۆیشتنیشی لە پاریس سـانجێرمان گوتی «مـن لێـرە دەمـەوێ بگەمـە بەرزترین خاڵ، یانەکـەی پاریـس لە چـاو سـەرەتاکەی ئێستا بە شێوەیەکی باشتر بیرۆکەی تۆپی پێـی لایە، پـرۆژەی تۆپـی پێـی هەیـەو مەسـەلەکە تەنیـا پێویسـتی بـە کاتـە، حەزدەکەم چامپیۆنسلیگ و کۆپا ئەمریـکای داهاتوو بەدەسـتبێنم، هەروەهـا بـە بەختەوەری لەگەڵ خانەوادەکەمدا بژیم».






**ئاشکرایکرد**

جیانلوکا زامبرۆتای بەرگریکاری پێشووی یانەی بارسێلۆنا، هۆکاری ڕۆیشتنی لەو یانەیە ئاشکراکردو راشکاوانە رایگەیاند کە بەهۆی ژنەکەی ناچاربووە لە ئیسپانیا بڕوات و روو لە خولی ئیتاڵی بکاتەوەو گوتی «لە راستیدا نەمدەویست لە بارسێلۆنا بڕۆم، بەڵام بە ناچاری و بۆ رزگارکردنی ژیانی هاوسەرێتیم ئەو یانەیەم جێهێشت، چونکە ژنەکەم نەیدەویست لە ئیسپانیا بژیت، هەستی بە نامۆیی دەکرد، بۆ هەر شوێنێک چووبام دەبوایە لەگەڵ مندابێت، بۆیە کاتێک یانەی میلان داوای گرێبەستی لێکردم یەکسەر قبووڵمکرد».

بڕوا بکەی یان نا..؟!

# مێسی شەعبولە و ڤان گال گەمژەیە و گاتوسۆش خێرخواز

**ئا: رەمزی میرەکانی**

لە جیهانی وەرزش بە گشتی و تۆپی پێ بەتایبەتی، زۆر بەسەرهات روودەدەن کە بڕوا پێکردنیان زەحمەتە، بەڵام لە راستیدا روودەدەن:

## مێسی شەعبولەیە



لەم سالانەی دواییدا، دوای هەر ئاهەنگێکی باڵۆن دۆر وێنەی مێسی لەگەڵ وێنەی شەعبان عەبولڕەحیمی گۆرانیبێژی میللی میسری، کە بە شەعبولە ناسراوە لەلایەن بەکارهێنەرانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەکاردەهێنرێت، کە لێکچوونێکی زۆر لە دەستنیشانکردنی رەنگی ناگونجاو و شێوازی نارێک لە جلەکان بەدی دەکرێت. شەعبان بۆ یەکەمجار لە دەزگاکانی راگەیاندنی میسری باسی لەو لەیەکچوونە کردو بە گاڵتەوە گوتی «لیونێل مێسی لە جلەکانی لەچاو من دەکاتەوە، وا دیارە باش ئاگای لە کارەکانمە، سەیر دەکات چی لەبەردەکەم و پاشان دیزاینی هاوشێوە هەڵدەبژێرێت». هەروەها شەعبان کە بەوە ناسراوە زۆربەی گۆرانییەکانی بە یەک ئاواز دەڵێت گوتی «بایەخ بە تۆپی پێ نادەم و زۆر شتی لەبارەوە نازانم، بەڵام لە کەسە نزیکەکانم گوێم لەناوی مێسی بووەو زانیوومە قاتی هاوشێوەی شێوازی من لەبەردەکات». مێسی کە خاوەنی 4 باڵۆن دۆرە هەموو جارێک بە قاتی سەیر سەیر دەردەکەوێ، وەک رەشی خاڵدار سپی، دووجار سوور و بە رەنگی جیاواز.

## ڤان گال گەمژەیە



ئەو وێنەی بۆ کاغەزی یاریکردنی مانچستەر یونایتد بەرامبەر کامبردیج سیتی گیرا، کە بەدەستی لویس ڤان گالی راهێنەری مانچستەر یونایتدەوە بوو، تەوژمی گاڵتەکردنی لەسەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و دەزگاکانی راگەیاندن بەدوای خۆیدا هێناو زۆر کەس ئەویان بە راهێنەرێکی گەمژە وەسفکرد، چونکە پێیانوایە ئەو ئاگای لە هیچ نییە، لەبەرئەوەی وەک لەو وێنەکەدا دەردەکەوێت ڤان گال ناوی دارین فیلچەری لەسەر نوسیبوو، هەرچەندە ئەو یاریزانە لە دوایین رۆژی میرکاتۆی زستانەدا لە یانەکە رۆیشتووە و پەیوەندی بە یانەی وێست برۆمیچ ئەلبیۆنەوە کردووە، بەمەش دەرکەوت ڤان گال ئاگای لە رووداوەکانی نێو یانەکەی نییە و زۆر لە ناوەندی بڕیاردان دوورە، ئەو وێنەیەش بەڵگەی ئەو راستەیەیە.

## یاریزانان پارەی خواردنیشیان نییە



جینارۆ گاتوسۆی یاریزانی پێشووی هەڵبژاردەی ئیتاڵیا، باس لەو مەینەتیانە دەکات کە بەرۆکی تیپی پێشووی، ئۆفی کریتی یۆنانی گرتووە، چونکە لەبەر کەڵەکەبوونی قەرزەکانی و نەدانی پارەی گرێبەست و مووچەی یاریزانەکانی رێگەی پێنادەن لە خولی نایابی یۆنان یاری بکات. گاتوسۆ لە سەرەتای ئەو مانگە دەستی لە پۆستی راهێنەرایەتی یانەکە کێشایەوە. گاتوسۆ بە رۆژنامەی نیا کریتی راگەیاند «بۆیە ئۆڤیم جێهێشت، چونکە لەوەتەی من هاتوومەتە ئەو یانەیە ئەو کێشانەی هەیە، لەوەتەی مانتۆسی پۆلینکاسی سەرۆکی پێشووی وازی هێناوە چەندین کێشە بەسەر یانەکەدا هاتووە، راستە من مووچەی خۆم وەردەگرت، بەڵام یاریزانەکان بێ مووچە بوون و دوو ساڵە وەریان نەگرتووە، هەندێجار ناچار دەبووم پارەی خۆم لە یانەکە خەرج بکەم «زیاتر لە 30 هەزار یۆرۆ لە گیرفانی خۆم داوەتە هەندێ یاریزان، چونکە پارەی کڕینی خواردنیشیان پێنەبوو».

# بۆچی ڤینگەر باشترین راهێنەری جیهانە

بەشی دووەم



**مەوراز کاوە**

چەند هۆکارێک وادەکەن ئارسن ڤینگەری راهێنەری فەرەنسی یانەی ئارسناڵی ئینگلیزی ببێتە یەکێک لە باشترین راهێنەرانی جیهان، کە زۆرترین دەستکەوتی بۆ یانەکەی بەدەستهێناوە.

لە چەندین راپرسیدا، ڤینگەر لەلایەن هاندەرانی یانەی ئارسناڵەوە تووشی رەخنەگرتن بوو، کۆمەڵێک داوایانلێکرد یانەکە جێبهێڵێت، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەو رەخنانە ڤینگەر بەردەوام بوو، توانی یانەکە بکات بە یەکێک لە یانە دیارەکانی کیشوەری ئەورووپا. ئەو کەسێکی گونجاوە لەگەڵ یانەی ئارسناڵ، هەرچەندە لەم 5 ساڵەی دواییدا یانەکەی لە بەدەستهێنانی نازناوەکان شکستی هێناوە. لە لایەکی دیکەوە هەندێک لە هاندەرانی ئارسناڵ بەختەوەرن کە پیاوێکی وەک ڤینگەر راهێنەرایەتی یانەکەیانی لە ئەستۆ گرتووە. لە هەمانکاتدا پێویستە هاندەرانی یانەکە رێز لە ماندوویەتی ئەو راهێنەرە بگرن، بەتایبەتی لەم وەرزەدا کە یانەکەی تووشی کەمترین شکست بووە.

دەکرێت بە چەند خاڵێک ئاماژە بەو هۆکارانە بکەین کە ئەو راهێنەرەیان کردووەتە باشترین راهێنەر لە جیهاندا.

**5ـ دروستکردنی سیاسەتێکی دارای سەرکەوتوو**

ڤینگەر توانی کۆمەڵێک رێوشوێنی زیرەکانەی سەرکەتوو بگرێتەبەر، کە بارودۆخی دارایی یانەکە ئارام گرتوویێت، بە پێچەوانەی یانەی لیڤەرپوول کە کێشەی دارایی بە توندی کاری تێکرد. لەو چەند ساڵەدا خەرجی ڤینگەر زۆر کەمتر بوو لە یانەکانی دیکە، وەک (چێلسی، مانچستەر یونایتد، مانچستەرسیتی).

هەرچەندە خەرجی یانەی تۆتنهام زیاترە لە یانەی ئارسناڵ لە باکووری ئینگلتەرا، کە گەورەترین کێبڕکێکاریەتی، بەڵام ئارسناڵ توانی لەسەر دەستی ئەو راهێنەرە لە ریزبەندی خولی یانە نایابەکانی ئینگلتەرا پێشکەوێت و پارێزگاری لێبکات.

**6ـ سیاسەتی پشتبەستن بە یاریزانی لاو**

لەگەڵ هەبوونی بارێکی دارایی باش، ئارسن ڤینگەر پشتدەبەستێت بە یاریزانی لاو، هەرچەندە مووچەکەی لە چاو راهێنەرانی دوو یانەکەی شاری مانچستەر وەک پێویست نییە. ڤینگەر لەم کاتەدا گرێبەستی لە گەڵ 11 یاریزانی تەمەن 20 ساڵ ئەنجامداوە. لە هەمانکاتدا ئەگەر سەیری تەمەنی تێکڕایی یاریزانەکانی بکەین، بە گشتی تەمەنیان 25 ساڵە.

**7ـ خۆشەویستی و وابەستەبوون**

ئارسن ڤینگەر 14 ساڵ تەمەنی لەگەڵ یانەی تۆپچییەکان بەسەربردووە. زۆر شتی لەگەڵ یانەکە بەدەستهێناوە، لەوەی راهێنەر ئارەزووی دەکات. سەرەڕای ئەوەی چەندین گرێبەست لە یانە گەورەکانەوە پێشکەشیکراون، لە سەرووشیانەوە گرێبەستی یانەی ریال مەدرید، بەڵام ئەو بڕیاری مانەوەی لەگەڵ یانە سورپۆشەکە داوە بۆ درێژەدان و هەوڵ و کۆششکردن لەپێناو بەدەستهێنانی سەرکەوتنی زیاتر بۆ یانەکە.

ئەو پارەیەکی زۆری لە بەردەستدایە بۆ ئەوەی یاریزانی بە تەمەن بۆ ریزەکانی بانگ بکات، بەڵام هەرگیز کاری وای نەکرووەو بەرژەوەندی یانەکەی لەبەرچاوگرتووەو هەوڵی پەروەردەکردنی یاریزانی لاوی داوە.

**8ـ دەستگرتن و جێگیربوون**

هەرچەندە ڤینگەر رووبەڕووی رەخنەی زۆر بووەتەوە لە بەرامبەر بەدەستنەهێنانی دەستکەوت نازنازەکان، بەڵام یانەی ئارسناڵ بۆ زۆربەی خولە دیارەکانی کیشوەری ئەورووپا سەرکەوتووە. هەروەها یانەکەی ڤینگەر توانیویەتی 3 جار نازناوی خولی ئینگلیزی و دوو جامی ئینگلیزی بباتەوەو یانەکەش بووەتە یەکێک لە یانە جێگیرەکانی کیشوەری ئەورووپا. لە هەمانکاتدا هاندەرانی گانەرز زۆرجار داوای رۆیشتنی ئەو راهێنەرە دەکەن، بەڵام لەوانەیە بیریان چووبێتەوە کە یانەکەی لە نزمترین ئاستەوە گەیاندووەتە لوتکە و ئێستاش هەمان روخساری پێوە دیارە.

# هاندەرانی ریال مەدرید نیو ملیاریان تێپەڕاند

**رووداوی وەرزشی ـ SPORT**

دەزگای ABCی ئیسپانی بۆ رۆژنامەوانی راپۆرتێکی تایبەتی لە بارەی ژمارەی هاندەرانی یانەکان لە جیهاندا بڵاوکردەوە، لە راپۆرتەکەدا دەردەکەوێ یانەی ریال مەدریدی ئیسپانی لەنێو سەرجەم یانەکانی جیهاندا خاوەنی زۆرترین هاندەرە.

به پێی ئەو راپۆرتە ریال مەدرید نزیکەی 650 ملیۆن هاندەری هەیە لە سەرتاسەری جیهاندا، لەوانەش 250 ملیۆن لە تەنیا لە وڵاتی چینن، راپۆرتەکە ئاماژەی بەوە کردووە «ریال مەدرید لە ژاپۆن 45 ملیۆن، لە ئەندونیسیا 40 ملیۆن، لە وڵاتانی عەرەبی 40 ملیۆن، لە هندستان 40 ملیۆن، لە ئەمریکا 35 ملیۆن و لە هەموو وڵاتانی ئەمریکای لاتینی و ئینگلتەرا و ئاسیا و ئوستralیاش بە ملیۆنەها هاندەری هەیە».

ئەو ژمارانە رەنگدانەوەی بەشێک لە راستی بەرزبوونەوەی داهاتی یانەکەن، کە لە ساڵی 2014 بڕی 549.9 ملیۆن یۆرۆر داهاتی بووە، لەوانەش 231.6 ملیۆن یۆرۆی لە فرۆشتنی درێس و بەرهەمەکانی مەدرید بووە لە سەرتاسەری جیهاندا، کە گەورەترین سەرچاوەی دارایی یانەکەیە. ئەو بەرزبوونەوەی ژمارەی هاندەرانی یانەکە بۆ ئەنجامەکانی یانەکە لە وەرزی رابردوو لەگەڵ راهێنەر کارلۆ ئەنچیلۆتی دەگەڕێتەوە، کە دەستی لە زیادکردنی داهاتەکانی یانەکە هەبوو، بەتایبەتی لەگەڵ زیادبوونی ژمارەی ئەو کەسانەی روو لە مەدرید دەکەن بۆ بینینی یارییەکانی. سوودێکی ئابووری زۆریش لەو کەسانە دەکرێت کە سەردانی یاریگەی سانتیاگۆ برنابیۆ و مۆزەخانەی یانەکە دەکەن و زۆرترین کەل پەل لە مارکێتە تایبەتەکەی دەکڕن.



KOREK Telecom

بەردەوامبە لە قسەکردن
هەر قسە بکە و.....قسە بکە
تەنانەت ئەگەر بالانسیشت نەبێت



بالانسەکەت کۆتایی هاتووە و دەتەوێ پەیوەندی ئەنجام بدەی؟ لەگەڵ خزمەتگوزاری "گفتوگۆکەت تەواو بکە" لە کورەك، دەتوانی سوود لە بالانسی زیادکراو وەرگریت.
- بۆ کاراکردنی خزمەتگوزاری "گفتوگۆکەت تەواو بکە" پەیوەندی بکە بە #202*
- بڕی بالانسی زیادکراو 600 د.ع.
- هەرکاتێ بالانسەکەت بۆ جاریکیتر پڕبکەیتەوە ئەوا بڕی بالانسی زیادکراو لە بالانسەکەت کەم دەکرێتەوە.
- بالانسی زیادکراو بۆماوەی 3 رۆژ بەردەست دەبێت
- نرخی خزمەتگوزارییەکە 120 د.ع.
- ئەم خزمەتگوزارییە بەردەست دەبێت بۆ سەرجەم بەشداربووانی پریپەید لەنێو تۆڕی کورەك
  - دەبێ بالانسەکەت لە 60 د.ع کەمتر بێت.
  - دەبێ پێشتر هێڵەکەت بەلایەنی کەم 3 جار پڕکردبێتەوە.
  - نابێت بەشداربوو هیچ قەرزێکی دیکە لە ئەستۆ مابێت.

بۆیڕبە خەون ببینە

korektel.com
411

# خشتەی یارییەکانی هەفتە

## گرنگترین یارییەکانی هەفتە

**خولی عێراق** — هەولێر - نەفتی ناوەڕاست — سێشەممە 2015/2/10 — 02:30

**خولی ئینگلتەرا** — لیڤەرپووڵ - تۆتنهام — سێشەممە 2015/2/10 — 11:00

**جامی ئیسپانیا** — بارسێلۆنا - ڤیاڕیال — چوارشەممە 2015/2/11 — 10:00

**خولی ئینگلتەرا** — چێڵسی - ئێڤەرتۆن — چوارشەممە 2015/2/11 — 10:45

## خولی ئیسپانیا (هەفتەی 23)

| | |
|---|---|
| **هەینی 2015/2/13** | |
| ئەلمێریا - ریال سۆسیداد | 10:45 |
| **شەممە 2015/2/14** | |
| سڤیلیا - کورتۆبە | 06:00 |
| ریال مەدرید - دیپۆرتیڤۆ | 08:00 |
| گرانادا - ئەتلەتیک بلباو | 10:00 |
| مەلەگە - ئیسپانیۆل | 12:00 |
| **یەکشەممە 2015/2/15** | |
| ڤالێنسیا - خیتافی | 02:00 |
| بارسێلۆنا - لیڤانتی | 07:00 |
| رایۆ ڤالیکانۆ - ڤیاڕیال | 09:00 |
| سێلتاڤیکۆ - ئەتلەتیکۆ مەدرید | 11:00 |
| **دووشەممە 2015/2/16** | |
| ئیبار - ئیلچێ | 10:45 |

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 - ریال مەدرید | 54 |
| 2 - بارسێلۆنا | 53 |
| 3 - ئەتلەتیکۆ مەدرید | 50 |
| 4 - ڤالێنسیا | 44 |
| 5 - سڤیلیا | 42 |
| 6 - ڤیاڕیال | 41 |
| 7 - مەلەگە | 35 |
| 8 - ئیبار | 27 |
| 9 - ئیسپانیۆل | 26 |
| 10 - سێلتاڤیکۆ | 25 |

| گۆڵکاران | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 - کریستیانۆ | ریال مەدرید | 28 |
| 2 - میسی | بارسێلۆنا | 23 |
| 3 - نیمار | بارسێلۆنا | 16 |
| 4 - گریزمان | ئەتلەتیکۆ مەدرید | 12 |
| 5 - باکا یانە | سڤیلیا | 12 |

## خولی ئینگلتەرا (هەفتەی 25)

| | |
|---|---|
| **سێشەممە 2015/2/10** | |
| ئارسناڵ - لیستەر سیتی | 10:45 |
| سەندرلاند - کۆینز پارک رێنجەرز | 10:45 |
| هاڵ سیتی - ئەستۆن ڤێلا | 10:45 |
| لیڤەرپوول - تۆتنهام | 11:00 |
| **چوارشەممە 2015/2/11** | |
| مانچستەر یونایتد - بێرنلی | 10:45 |
| ساوسهامبتۆن - وێستهام | 10:45 |
| چێڵسی - ئێڤەرتۆن | 10:45 |
| ستۆک سیتی - مانچستەر سیتی | 10:45 |
| کریستال پالاس - نیۆکاسل | 11:00 |
| وێست برۆمیچ - سوانزی سیتی | 11:00 |

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 - چێڵسی | 56 |
| 2 - مانچستەر سیتی | 49 |
| 3 - ساوسامبتۆن | 45 |
| 4 - مانچستەر یونایتد | 44 |
| 5 - تۆتنهام | 43 |
| 6 - ئارسناڵ | 42 |
| 7 - لیڤەرپوول | 39 |
| 8 - وێستهام | 37 |
| 9 - سوانزی سیتی | 34 |
| 10 - ستۆک سیتی | 33 |

| گۆڵکاران | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 - کۆستا | چێڵسی | 17 |
| 2 - ئەگوێرۆ | مانچستەرسیتی | 14 |
| 3 - ئۆستن | کۆینز پارک | 13 |
| 4 - سانچێز | رێنجەرز ئارسناڵ | 12 |
| 5 - کین یانە | تۆتنهام | 12 |

## خولی ئیتاڵیا (هەفتەی 23)

| | |
|---|---|
| **شەممە 2015/2/14** | |
| ساسۆلۆ - فیۆرەنتینا | 08:00 |
| پالێرمۆ - ناپۆلی | 10:45 |
| **یەکشەممە 2015/2/15** | |
| میلان - ئیمپۆلی | 02:30 |
| ئاتالانتا - ئینتەرمیلان | 05:00 |
| رۆما - پارما | 05:00 |
| تۆرینۆ - کالیاری | 05:00 |
| ئۆدینێزی - لازیۆ | 05:00 |
| جەنەوا - ڤیرۆنا | 05:00 |
| کییێڤۆ - سامپادۆریا | 08:00 |
| چیزینا - یوڤانتۆس | 10:45 |

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 - یوڤانتۆس | 53 |
| 2 - رۆما | 46 |
| 3 - ناپۆلی | 42 |
| 4 - لازیۆ | 35 |
| 5 - فیۆرەنتینا | 35 |
| 6 - سامپادۆریا | 34 |
| 7 - لازیۆ | 31 |
| 8 - تۆرینۆ | 30 |
| 9 - پالێرمۆ | 29 |
| 10 - ئینتەرمیلان | 29 |

| گۆڵکاران | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 - تیڤێز | یوڤانتۆس | 14 |
| 2 - ئیکاردی | ئینتەرمیلان | 13 |
| 3 - هیگواین | ناپۆلی | 12 |
| 4 - مینێز | میلان | 12 |
| 5 - دیبالایانە | پالێرمۆ | 11 |

* ئەم ریزبەندە بەر لە یاری (لازیۆ - جەنەوا) دانراوە.

## خولی ئەڵمانیا (هەفتەی 21)

| | |
|---|---|
| **هەینی 2015/2/13** | |
| بورۆسیا دۆرتمۆند - ماینز | 10:30 |
| **شەممە 2015/2/14** | |
| بایرلیڤەرکۆزن - فۆلفسبۆرگ | 05:30 |
| ڤێردەربرێمەن - ئۆگسبۆرگ | 05:30 |
| بایرن میونشن - هامبۆرگ | 05:30 |
| مونشنگلادباخ - کۆڵن | 05:30 |
| هۆفنهایم - شتۆتگارت | 05:30 |
| فرانکفۆرت - شاڵکە | 08:30 |
| **یەکشەممە 2015/2/15** | |
| هێرتا بەرلین - فرایبۆرگ | 05:30 |
| هانۆڤەر - پادربۆرن | 07:30 |

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 - بایرن میونشن | 49 |
| 2 - فۆلفسبۆرگ | 41 |
| 3 - شاڵکە | 34 |
| 4 - ئۆگسبۆرگ | 34 |
| 5 - مونشنگلادباخ | 33 |
| 6 - بایرلیڤەرکۆزن | 32 |
| 7 - هۆفنهایم | 26 |
| 8 - ڤێردەربرێمەن | 26 |
| 9 - فرانکفۆرت | 25 |
| 10 - هانۆڤەر | 25 |

| گۆڵکاران | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 - مایێر | فرانکفۆرت | 14 |
| 2 - رۆبن | بایرن میونشن | 12 |
| 3 - مۆتینگ | شاڵکە | 10 |
| 4 - دی سانتۆ | ڤێردەربرێمەن | 9 |
| 5 - ئۆکازاکی | ماینز | 8 |

## خولی فەرەنسا (هەفتەی 25)

| | |
|---|---|
| **هەینی 2015/2/13** | |
| مارسیلیا - ریمس | 10:30 |
| **شەممە 2015/2/14** | |
| پاریس سانجێرمان - کان | 06:00 |
| لانس - ئیڤیان | 10:00 |
| لیل - نیس | 10:00 |
| نانت - باستیا | 10:00 |
| تۆلۆز - رین | 10:00 |
| مۆناکۆ - مۆنبیلیە | 10:00 |
| **یەکشەممە 2015/2/15** | |
| بۆردۆ - سانت ئیتیان | 04:00 |
| میتز - گانگۆن | 07:00 |
| لۆریان - لیۆن | 11:00 |

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 - لیۆن | 50 |
| 2 - مارسیلیا | 48 |
| 3 - پاریس سانجێرمان | 48 |
| 4 - سانت ئیتیان | 41 |
| 5 - مۆناکۆ | 40 |
| 6 - بۆردۆ | 37 |
| 7 - مۆنبیلیە | 36 |
| 8 - نیس | 33 |
| 9 - نانت | 33 |
| 10 - گانگۆن | 32 |

| گۆڵکاران | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 - لاکازیتی | لیۆن | 22 |
| 2 - جینیاک | مارسیلیا | 14 |
| 3 - بیۆڤی | گانگۆن | 11 |
| 4 - ئیبراهیمۆڤیچ | پاریس سانجێرمان | 10 |
| 5 - دیاباتی | بۆردۆ | 8 |

## خولی کوردستان (هەفتەی 14)

| | |
|---|---|
| **پێنجشەممە 2015/2/12** | |
| هەولێر - زاخۆ | 03:00 |
| دهۆک - شێروانە | 03:00 |
| برایەتی - پێشمەرگەی هەولێر | 03:00 |
| **هەینی 2015/2/13** | |
| پێشمەرگەی سلێمانی - نەورۆز | 03:00 |
| هندرێن - زێرەڤانی | 03:00 |
| کەرکووک - ئارارات | 03:00 |

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 - دهۆک | 28 |
| 2 - زێرەڤانی | 24 |
| 3 - نەورۆز | 22 |
| 4 - زاخۆ | 20 |
| 5 - شێروانە | 16 |
| 6 - برایەتی | 15 |
| 7 - سلێمانی | 14 |
| 8 - هەولێر | 14 |
| 9 - پێشمەرگەی هەولێر | 13 |
| 10 - هندرێن | 12 |
| 11 - ئارارات | 12 |
| 12 - کەرکووک | 9 |
| 13 - پێشمەرگەی سلێمانی | 7 |
| 14 - بروسک | 0 |

## جامی ئینگلتەرا

| | |
|---|---|
| **شەممە 2015/2/14** | |
| وێست برۆمیچ - وێستهام | 03:45 |
| دێربی کاونتی - ریدینگ | 06:00 |
| بلاکبێرن - ستۆک سیتی | 06:00 |
| کریستال پالاس - لیڤەرپوول | 08:30 |
| **یەکشەممە 2015/2/15** | |
| ئەستۆن ڤێلا - لیستەر سیتی | 03:30 |
| برادفۆرد سیتی - سەندەرلاند | 05:30 |
| ئارسناڵ - میدلزبرە | 07:00 |
| **دووشەممە 2015/2/16** | |
| بریستۆن تۆرس - مانچستەر یونایتد | 10:45 |

## جامی شای ئیسپانیا

قۆناخی 4 (یاری چوون)

| | |
|---|---|
| **چوارشەممە 2015/2/11** | |
| بارسێلۆنا - ڤیاڕیال | 10:00 |
| ئەتلەتیک بلباو - ئیسپانیۆل | 12:00 |

**جامی ئیسپانیا** — ئەتلەتیک بلباو - ئیسپانیۆل — چوارشەممە 2015/2/11 — 12:00

**خولی فەرەنسا** — مارسیلیا - ریمس — هەینی 2015/2/13 — 10:30

**خولی ئەڵمانیا** — بایرلیڤەرکۆزن - فۆلفسبۆرگ — شەممە 2015/2/14 — 05:30

ژمارە (338) سێشەممە 2015/2/10



## ئامادەیە

ئەلیساندرۆ دیلپییێرۆی هێرشبەری بەناوبانگی ئیتاڵی لە هەڤپەیڤینێکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیاند کە دوای تەواوبوونی ماوەی گرێبەستەکەی لە خولی هیندی ئێستا گەڕاوەتەوە ئیتاڵیا و چاوەڕێیە یانەیەک داوای تواناکانی بکات بۆ ئەوەی وەرزێکی دیکە یاری بکات و پەیامێکی ئاراستەی سیلڤیۆ بێرلیسکۆنی سەرۆکی یانەی ئەی سی میلانی ئیتاڵی کرد و گوتی «من ئێستا ئازادم، دەمەوێ وەرزێکی دیکەش بەردەوام بم لە یاریکردن، ئەگەر بێرلیسکۆنی بیەوێ یاری بۆ یانەکەی بکەم، ئامادەم داواکارییەکەی جێبەجێبکەم».



ڕێبوار محەممەد

# ئەم قەیرانە داراییە بەخێر ناگەڕێتەوە؟

یانەکانی کوردستان گیرۆدەی دەستی قەیرانێکی کوشندەی دارایی هاتوون، هەولێر هەردەم ناڵەناڵیەتی بەدەست بێپارەییەوە، دهۆک لە زۆری خەمەکانیدا بێدەنگی لێکردووە و خواخوایەتی کەس باسی نەکات، سلێمانی سزاکەی فیدراسیۆنی تۆپی پێی عێراقی کردووەتە بیانوویەکی باش و دەیەوێ هەرچۆنیک بێت لە خولی نایاب پاشەکشە بکات، یانەی زاخۆش لە نێو بێدەنگییەکی کوشندەدا باسی هیچ ناکات، لە نێو بێدەنگی و دەنگهەڵبڕیندا هەموو یانە بەشدارەکانی باشووری کوردستان، لەوەدا کۆکن کاتێک بڵێی پارە؟ بەیەکدەنگ بڵێن ئێمەش هەمان کێشەمان هەیە.

ئەوە یانە گەورەکان، ئەوانەشی لە خولی کوردستاندا بەشدارن هەمان دۆخ و بگرە خراپتریشیان هەیە، چونکە ئەوان ئەو سەرچاوەیەشیان نییە کە حزبەکان ناوە ناوە ڕێگایەک بۆ هاوکارییان دەدۆزنەوە، یان حکوومەت ئاوڕیان لێدەداتەوە، هەمووان لە هەمان کێشەدا هاوبەش و هاوخەم و هاو هەڵوێستن. ئەوەتا برایەتی هاواریەتی، هەندەرێن ئەنجامە خراپەکانی دەداتە پاڵ بێپارەیی، هەولێر نیوەی یاریزانەکانی کۆچی بەکۆمەڵیان کردووە بەهەمان هۆ، برووسکیش هەر زوو خۆی ڕەحەت کرد و پاشەکشەی کرد، دهۆکیش دەمێکە قاسە بەتاڵەکەی بۆ هەمووان ئاشکراکردووە.

کێشەی دارایی یانە وەرزشییەکانی کوردستان دوو سەرەیە، ڕوونتر بڵێم کەموکوڕی دوو لایەنە، لایەنی یەکەمیان حکوومەت و لایەنی دووەمیان کارگێڕیی یانەکان.

ئەم هەویرە ئاو زۆر دەکێشێت، بە کورتی حکومەتە لەبەرئەوەی یانەکانی فێری حازر خۆری کردووە، بگرە حزبیشە، چونکە یانەیەک نییە لە کوردستاندا دەستی ئاوەدانیی حزبی نەگەیشتبێتێ و پاڵپشتی نەکرابێت، جا بە هەر ناو و بیانوویەکەوە بێت.

حکومەت لە ساڵانی ڕابردوودا بودجەی بۆ یانەکان بڕیوەتەوە و بەردەوام پارەی داونەتێ، ئەزموونی سەقەتی وڵاتانی کەنداوی لەو لایەنەوە دووبارە کردووەتەوە، کە سەرچاوەی داهاتیان حکوومەتە، ئەوە بێخەمی لای کارگێڕیی یانەکان دروستکردووە، بێگومان کوڕەکەی خۆشت لە ماڵەوە دڵنیابێت هەموو مانگێک پارەیەکی باشی دەدەیتێ، با سەد جاریش زانکۆی تەواو کردبێت، هەرگیز بیر لە دۆزینەوەی کار ناکاتەوە، ئەمە بۆ یانەکانیش ڕاستە، پارەی مفت چ پێویستی بەوە هەیە بچی سەری خۆت بە هێنانی کۆمپانیا و سپۆنسەرەوە بیەشێنیت؟

لایەنی دووەم کارگێڕیی یانەکانن کە لەسایەی پارە مفتەکەی حکوومەتدا بێخەم لێی دانیشتوون و بیریان لە پەیداکردنی سەرچاوەی داهات و پارە بۆ یانەکانیان نەکردووەتەوە، جا بەهەر شێوەیەک بێت، بە ڕاکێشانی ڕاستەوخۆی سەرمایەدارێک یان بە سپۆنسەرکردن یان بە هەر شێوازێکی دیکە.

ئێستا ڕاستییەکە ئەوەیە، لەگەڵ بێپارەیی کوردستاندا، بێپارەییەکی قورس بەرۆکی یانە وەرزشییەکانیشی گرتووە، چۆن چارەسەر دەکرێت؟ بێگومان ئەوەیان قسەی زۆر هەڵدەگرێت، بەڵام من بیر لە شتێک دەکەمەوە، یانەکان ناتوانن ئەوەی ئێستا هەیە بکەنە بناخەیەکی باش بۆ داهاتووی خۆیان، بۆ نموونە خەرجی زیادە کەم بکەنەوە، گرێبەستی گرانبەها نەکەن، یاریزانی خەیاڵیی نەهێنن، بۆخۆیان بە پشت بەستن بە تیپەکانی لاوان و تازەپێگەیشتووانییان یاریزانی نوێ بهێنن و تیپی بەهێزی لێدروست بکەن، خۆ دەمی هەر هاندەرێک دەکەیتەوە گلەیی لە هێنانی یاریزانی عەرەب دەکات، کەواتە ئەوە هەلێکی باشە، دەکرێ ئەو گیرفان بەتاڵییە، سەرەتای خۆ ژیاندن و خۆ بەڕێوەبردن لای یانەکانی کوردستان دروست بکات، لانی کەم هێندە یاریزانی کورد پێبگەیەنن توانای بەهێز بۆ تیپەکانیان دەستەبەر بکەن، خۆ ئەمەیان قورس نییە، ئەگەر ئەوە بکەن، ئەوکات کێشەی دارایی بەخێر دەگەڕێتەوە بۆ یانەکان.

# ڕۆناڵدینهۆ تەمبەڵە



**ڕووداوی وەرزشی ـ SAMBA**

ڕۆبێرتۆ باساگایستیگۆی ئەرجەنتینی، ئامادەکاری جەستەیی یانەی کیریتارۆی مەکسیکی، ئاشکرای دەکات کە ڕۆناڵدینهۆی ئەستێرەی بەرازیلی یانەکەیان، زۆر بە جددی ڕاهێنان دەکات، بەڵام بە هیچ شێوەیەک حەزی لە ڕاکردن نییە.

ڕۆبێرتۆ، بە تۆڕی ئەسپنی وەرزشی ڕاگەیاندووە «ڕۆناڵدینهۆ تەنیا ئەو ڕاهێنانانە ئەنجام دەدات کە پێیخۆشن و وایلێدەکەن هەست بە بەختەوەری بکات، بۆیە ناتوانم ناچاری بکەم ڕابکات، چونکە حەزی لێ نییە». باساگایستیگۆ هەروەها دووپاتیکردەوە «ڕۆناڵدینهۆ ئاسن بەرزدەکاتەوە و ڕاهێنانی تایبەت بە خێرایی و بازادن ئەنجام دەدات، بەڵام قەت حەزی لە ڕاکردن نییە، بەڵام من ناچاری ناکەم ئەو کارە بکات، چونکە یاریزانی وەک ئەو پێویستە لە کارەکانیان هەست بە بەختەوەری بکەن».

ئەو ڕاهێنەرەی توانای جەستەیی ئاماژە بۆ ئەوەش دەکات کە ڕۆناڵدینهۆ پێیخۆشە ڕۆژانە 3 تا 4 کاژێر لە نێو یاریگەی لمی یاریدەکات.

ڕۆناڵدینهۆ، لە ئەیلوولی 2013 پەیوەندی بەو یانە مەکسیکییە کردووەو لە قۆناخی چوونی ئەبرتۆرا 2014 تەنیا 3 گۆڵی تۆمارکردووە، هەرچەندە لە هەندێ یاری ئەو ئاستە جوانە پێشکەشدەکات کە ڕۆژێک لە ڕۆژان ئەویان کردە باشترین یاریزانی جیهان.

ڕووداوی وەرزشی

LOTTO

(ڕووداوی وەرزشی)

بخوێنەوەو خەڵات ببەرەوە

ناو : ..............................................................

مۆبایل : ..............................................................

6

سی و هەشتەمین پێشبڕکێ

شەش کۆبۆنی یەک بەدوای یەک، واتا هی شەش ژمارەی لە دوای یەک بە ناو و ژمارەی تەلەفۆنی خۆت پڕ بکەرەوە و بیگەڕێنەرەوە بۆ ئەو شوێنەی (ڕووداوی وەرزشی) ت لێکڕیوە، بەو جۆرە لەتیروپشکی بردنەوەی لۆتۆی ڕووداوی وەرزشی بەشداربە.

**خەڵاتەکان خەڵاتەکان**

1 ـ ئامێری ڕۆیشتنی کارەبایی.
2 ـ تەلەڤزیۆنی LCD.
3 ـ کۆمپیوتەری لاپتۆپ.
4 ـ کۆمپیوتەری لاپتۆپ.
5 ـ مۆبایل.









سەرنووسەر: ئیحسان تاهیر محەممەد
EHSANJORNALIST@YAHOO.COM - 0750 454 71 68
ئەندامی شانازی ستاف: عەبدوڵڵا قرگەیی
بەڕێوەبەری هونەری: حوسێن هیممەتی
دیزاینەران: بەختیار مستەفا - هونەر مەرجان ـ شاهۆ محەممەد

ڕووداو وەرزشی
ڕۆژنامەیەکی هەفتانەیە کۆمپانیای ڕووداو بە سپۆنسەری کۆمپانیای کورەک تیلیکۆم، هەموو ڕۆژانی سێشەممە دەریدەکات
لە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بە ژمارەی متمانەی (160) تۆمارکراوە

ڕووداو هەموومان گەنجتر دەکاتەوە
www.rudaw.net
هەموو دووشەممەیەک ڕووداو بخوێنەوە